# لای ئێوه دهمرم

پێشكهشه به ههرسێ هاورێی پهمهییم

رهعدو سالارو روببا

صديق على

sdiqali@gmail.com



دهرفهتمان نهماوه بنوین

شهو وهك حیكایهته شێتهكانی كچێك

وهك سوتاندنی تهرمی سپی دارهبهنێك

وهك بێتاقهت بوونی من

لهدانیشتن لهسهر رێگه درزاویهكانی تهمهن

شهو وهك تۆ

وهك درۆ پهمهییهكانی نێو نامهیهكی دڕاو

وهك قیژهی منداڵێكی پیرۆز دێت

وهك چپهچپی داباریني كوللهو

وهك چرچ بوونهوهی مهلایهك

لهژێر نزای درهختێكی تاریكدا

شهو دادێتو بهم شهوه كهم نیه

دهستگرتن بهسهر كهناراوهكانی تهنیاییدا

شهو دادێتو كهم نیه لهشكركێشی بۆ سهر ئاواییهكانی بهرائهت

ههڵگیرسانهوهی شهڕ لهنێوان تهنهایی منو هاتنهوهی باخ دا كهم نیه

من لێرهمو سبهینێ دێم

دڵنیام لهنێو ئامێزی گێژهڵوكهیهكی خۆمانهدا دهمرم

دهرفهتی ئهوهم نابێت

دهستهكانم پڕكهم له ئاوو

لاجانگی رێگهی نههاتی پێ تهڕ بكهم

شهو دادێت

ئهو دهمهی جوانی ئاونگێكهو

بهدیار لهخهوههڵسانی گهڵایهكهوه

دهبێته قلمیچ

ئەو دەمەی شۆخی لێویکەو
لەحەژمەت یاخی بوونی ماچێکدا دەوەرێ
باران دێتو لەدوورەوە
بەئاوازێکی کۆنەوە بە منداڵێکی هەپڕون بووی
ژێر گالیسکەی نێرگزێك دەڵێ
چەترەکەت داگرە هەڤاڵ
رێکەوتننامەی نێوان
شمشێرەکانی وەرینو
گەردنی پایز لەم (عەربەت)ەدا بەتۆچی
شەو دادێتو
لەو شەوە سورەدا کەم نیە
عەشق جانتای پیاوێکی تاریك بێت
لەسەفەرەکانی هەوەسدا پڕبێت لەتۆ
مەرگ کتێبی ژنێکی پەمەیی بێت
لەگەشتەکانی گریاندا پڕبێت لەمن
ئیتر
هەڵگیرسانەوەی شەڕ
لەنێوان پەرداخەکانی منو
شەرابی بێئومێدیدا
بەتۆ چی
شەو نایەت
من دوکەڵی شێتی جگەرەیەکو
بۆنی پەرچەمی پێکێکم
شەو دێتو
منیش گرەنتی نادەم
بتوانم لە پایزێکی تردا بوەرم
شەو دێتو چرکەیەك نامێنێتەوە
دێتو ساڵێك ناڕوات
من دێمو بەشی هەناسەیەك نامێنمەوە
دێمو بەشی مردنێك ناگەڕێمەوە

هاوڕێیان

هاتنی من لەدڵنیاییمەوە بۆ هەپڕن بوونم دێت

هاتنی من لە بێتاقەت بوونم لەخۆمو

بێزووم بۆ مزری ڕێواسەکانی مەرگ دێت

دێمو دەمرم

تا بارانی مەزدەکیانەی ئێرە پڕ دەبێت لەدەنگ

دێمو دەوەرم

تا گەڵا پاڵکەوتوەکانی ئێرە پڕ دەبن لەڕەنگ

ئێوە دەزانن

من پاشماوەی خەوتنی گوڵێکو

گیان سپاردنی کانیەکو

راکردنی جۆگەیەکو

شەق بردنی هەنارێکم

من شەرمی چاوی نێرگزێکم

سبەینێ دێم

بەو هەموو یەئسەوە بەدیار مێلاقەکانی مەرگ پێدەکەنم

بەو هەموو مەرگەوە

بەدیار بێشەرمی فرمێسکەکانی هاتنەوەوە پێدەکەنم

هاوڕێیان

پەپولە بەریئەکانی پایتەختی ترس

بەیانی دێم

گەر لەژێر گالیسکەی کائینێکی کۆچەریدا نەمردم

روحم

لەتوڕبێنێکی فیردەوسیانەدا بۆ هێناون

مەهێڵن بگەڕێمەوە.